کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:59 3-9-2007

## پرسە و سەرەخۆشی سەندیکا بۆ سەرجەم ڕۆژنامەوانان ... ئەسعەد عەلی

asaad-ali@hotmail. com



سەردەمانێك بوو کە گەلانی داگیرکەر و دوژمنان تێدەکۆشان بە کوێر کردنی کانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی کورد و قر و قاپ پێکردنی تەنها لەبەر ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بەرنامە دارڕژاوە کانی خۆیان بە مەبەستی گەشتن بە بەرژەوەندیەکانیان پراکتیزە بکەن، بەڵام هەرچی بوو کورد نەبوون و گەلانێکی تر بوون و گلەییان لێ ناکرێت و هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەوان ئەگەرچی داگیر کەریش بوون، بەڵام زۆر پاك بوون، چونکە تاکە مەبەستیان لە داگیر کردنی ئێمە خزمەت بە وڵات و نەتەوەکەی خۆیان بوو، بەڵام ئێمە چی؟!نە لەوان دەکەین و نەلەوانیش دەچین، ئێمە سەرەڕای ئەوەی هەزاران جۆر کوێرەوەری و نەگبەتیمان کێشاوە دیسانەوە هەر تەمی نەبووین و دەمانەوێت گەلێکی نەزان و دواکەوتوو باربێنین هەڵبەت دەسەڵات ئەمەی دەوێت و خۆی و دەمی خەڵکی بە دروست کردنی چەندین ڕێکخراوی ئێن جی ئۆ و نا ئێن جی ئۆ و چەند ڕێکخراوێکی بە ناو پیشەیی بەستووەتەوە کاتی بیانەوێت ناوی ئازادی و چەند شتی تر لەم جۆرە بەرن. دەسەڵات کۆمەڵگایەکی درووست کردووە کە لە هەر لایەکیەوە سەر بهێنیتە دەرەوە سەرت دەتەقێ بە سەری ڕێکخراو و سەندیکا و ناوەند و... هتد کە هەرگیزاوهەرگیز ناتوانن ئاواتەکانی خەڵك بۆ گەشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی بهێننە ناو دنیای واقیعەوە و تاکە کاریان بە بێ ئەوەی کە خۆشیان هەستی پێبکەن ئامڕاز بوونیانە بۆ دەسەڵات کاتی کە بیەوێت لە بەرامبەر داواکارییەکانی خەڵکدا بوەستێتەوە و ئەمەش کارەساتێکە کە تا ئێستا لە کەمتر وڵاتی جیهاندا رووی داوە. یەکێك لەم ناوەندانە کە بە ڕاستی ناوی لق و مەڵبەندی حزبەکانی بۆ خۆی حەڵاڵ کردووە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە کە لە ئێستادا لە سەروبەندی گرێدانی کۆنگرەیە. بێگومان ئەوانەی کە ئەندامە سەرەکییەکانی سەندیکان کەسانێکی ڕۆژنامەوانن و تیاشیاندا کەسانێکی بە ئەزموون دەبینرێت و لەوە تێگەشتوون کە یەکێك لە ناوەکانی ڕۆژنامەنووس چاو ساغی کۆمەڵگا و... هتدە و با لەم کۆنگرەی داهاتوویاندا زۆر نا، تەنها 10 خولەك بە کار و چالاکییەکانی رابردوویاندا بڕۆنە بزانن بە چ ئەنجامێك دەگەن هەڵبەت ویدانیشیان بخەنە کار؟ من چەند پرسیارم لە سەندیکا هەیە بۆ ئەوەی بە وردی بەوە بگەین کە سەندیکا، سەندیکایەکی ناشەرعی و گەندەڵە هەڵبەت سیاسەتەکەی ئەگینا ئەندامە سەرەکییەکانی تەنها ڕێگەیەکن بۆ پراکتیزە کردنی ئەو سیاسەتە سەرەڕای ئەوەش کە دەزانن ئەو سیاسەتە گەندەڵە وەك چۆن دانەرەکەی:سەندیکا دەسەڵاتی تۆ چییە؟ئەرکەکانت چۆن دیاری کراوە؟تا ئێستا چەند جار و چۆن چۆنی هێزی دەسەڵاتی خۆتت پیشان داوە و خستووتەتە گەڕ؟ لە سەرەوە سەندیکامان کرد بە سەندیکایەکی ناشەرعی و گەندەڵ و حەز ناکەم لە یەك وشە بە ئاسانی تێبەپڕین و هەر بۆیە هۆکارەکانی شوبهاندنی ڕاستەقینەی سەندیکا بەو چەند وشەیە ڕوون دەکەمەوە و ئەنجا لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوەش تێدەگەین بە بێ ئەوەی سەندیکا وەڵام بداتەوە یان نا:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ـ ناشەرعی ـ
هەر دامەزراوەیەك چ لە حکومەتەوە بگرە کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە تا سەندیکایەك کە دامەزراوەیەکی پیشەییە گۆڕەپانێکی هەیە بە ناوی گۆڕەپانی یاری سیاسەت کە لە حکومەتدا سیاسەتمەدار ئەو سیاسەتە پراکتیزە دەکات و لە سەندیکاکانیش کەسێك کە جێبەجێکەر یان هەر ناوێکی تر ئەم کارە دەبێ بکات و هەر دامەزراوەیەك بە هەر قەبارەیەکەوە کاتی شەرعیەتی هەیە کە سیاسەتەکەی بریتی بێت لە بەرەو پێشەوە بردنی ئەو کۆمەڵگا یان ئەو پیشەیەی کە تایبەتە بە دامەزراوەکەیانەوە و سیاسەتمەدار یان خود جێبەجێکەری ئەو سیاسەتە بتوانێت بەو دەسەڵاتەی کە دامەزاروە دەیخاتە دەستییەوە بتوانێت هێزی دامەزراوەکەی بسەلمێنێت و زۆرجاریش بیسەپێنێت. بەم پێیە لە سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان بڕوانین دەبینین کە نە سیاسەتی تایبەت بە خۆیەتی، نە دەتوانی و نە توانیوویەتی هەڵگری چەمك و پێناسەکانی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری بێت چ بگات بە داکۆکی کردن لێی و ئەگەریش سیاسەتەکەی لە ئاراستەی بەرەوپێشەوە بردنی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری بێت ـ کە دڵنیام واش نییە ـ ئەوا ئەندامە سەرەکییەکانی هەرگیزاوهەرگیز ڕێگەیان پێ نادرێت هەستن بە جێبەجێ کردنی تا بتوانن شەرعیەتی ئەم دامەزاروە حزبییە بچەسپێنن لە ڕێگەی هێزی سیاسەتەکەیەوە و هەروەها توانیبێتیشیان لە ژێر ڕکێفی حزبی بوون بێنە دەرەوە. ـ گەندەڵ ـ
هەمووما پێناسەی گەندەڵی دەزانین کەڵك وەرگرتنە لە پێگەیەکی کەسییەتی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی بۆ ئامانجی کەسییەتی، بەڵام با ئێمە لێرە پێناسەیەکی تریشی بۆ بکەین کە ئەمیش هەر ڕەوایە و ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت لە جیاتی ئامانجی کەسییەتی ئامانجی چەند لایەنێکی تایبەت بێت کە هیچ کەڵك و قازانجێکی بۆ کۆمەڵگا نەبێت.
سەندیکا بە بێ ئەوەی هەندێك لە ئەندامەکانیشی بزانن بووە بە تی ڤی ییەك بۆ دەسەڵات و ڕۆژنامەنووس وا پیشانی دەسەڵات دەدات کە دەسەڵات دەیەوێت و هەر بۆیە دەسەڵات زۆر بە کەمی ئاگاداری زەحمەت، ڕەخنەی بونیاتنەر، کێشە و دڵسۆزییەکانی ڕۆژنامەوانان بێتەوە و بەداخەوە زۆرجار بە تێکدەر و... دێتە هەژماردن و بە دڵنیاییەوە ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی کە سیاسەتی حزبەکان لە ناو سەندیکادا بە وردی کاری لە سەر دەکەن ناوی سیاسەتی حزب هاتە کایەوە، پێموا چیتر هەمووما ئاگاداری ئەوە بین کە کەمتر ناوەند و ڕێکخراو و... لە کوردستاندا بتوانێت هەڵگری دەستەواژەی "سەربەخۆیی"بێت، بەڵام بەداخەوە ئەمەش لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا دەقاودەق دەچەسپێت کە دەبووایە ئەم گەندەڵەکانی دەربخستایەت و کۆمەڵگای بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سەربەخۆ لە هەموو بوارێکدا هان بدایەت بە پشتیوانی کردن لە ڕۆژنامەوان و ڕەوشی ڕۆژنامەگەری.
پێموا تا ئێرە توانیبێتمان ناشەرعی بوونی سەندیکا و کۆنگرەکەی و هەروەها گەندەڵ بوونیان ڕوون بکەینەوە و تەنها لە یەك خاڵدا ماومەتەوە کە ئایا ئەوانەی وا ئەندامی سەرەکی سەندیکان تا ئێستا هەستیان نەکردووە کە لە خزمەتی چ سیاسەتێکی ناڕەوان هەمبەر بواری ڕۆژنامەگەری؟ئەگەر هەستیان نەکردووە ئەوا هیچ، بەڵام ئەگەر زانیبێتیان کەوایە بە دڵنیاییەوە لە چوارچێوەی گەندەڵ بوون ڕۆشتوونەتە سەرەوە و پێناسەیەکی تریان دەوێت و لە بابەتەکانی داهاتوودا ئەو پێناسەیەیان دەخەینە ڕوو بە شیکارییەکی تەواوە.
کەواتە وەرن بەرلەوەی سەندیکای گەندەڵ و ناشەرعی ڕۆژنامەنووسان پرسەی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا لە ناو مزگەوت و تەکیەی حزبەکاندا بەرێوە ببات ئەوا ئێمە لە ناو خۆیدا بیخنکێنین و بینێژین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.